السيد الحكيم يستقبل وفد الاتحاد الوطني الكردستاني ويؤكد على الاستقرار والالتزام الدستوري

بەڕێز سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە شاندێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد بەسەرۆکایەتی بەڕێز نێزار ئامێدی و بەڕێز وەزیری داد خالید شوانی، لەم دیدارە بیروڕا ئالوگۆڕ کرا سەبارەت بە تازەترین پێشهاتەکانی گۆڕەپانی سیاسی لە عێراق و ناوچەکە جگە لە تاوتوێکردنی پێیوەندی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سەماحەتی حەکیم دووپاتی کردەوە کە پێویستە هەموو بەرپرسیارێتی هەبێگرن لە ئاست پاراستنی ئەو سەقامگیرییەی لە عێراق بەدی هاتوە ،لەسەر ئاستی سیاسی و کەمەلایەتی و ئەمنی و ئابووری.
هەروەها سەماحەتی حەکیم داوای کرد ئامادەباشی تەواو بە شایستەی هەبێبژاردنەکانی داهاتوو بکرێت و جەختی کردەوە لەسەر گرنگی بەشداریکردنی فراوان و کاریگەر و هەشیارانە لەلایەن هەموو عێراقییەکان و روونی کردەوە کە ئەم هەلبژاردنە خاڵێکی وەچەرخانی یەکلایی کەرەوەیە لە نێوان قۆناغی سەقامگیری لاواز و سەقامگیری بەردەوام لەسەرتاپای ولاتدا.
سەبارەت بە پێیوەندی نێوان بەغدا و هەولێر بەڕێز حەکیم جەختی کردەوە لەسەر گرنگی پابەندبوون بە دەستوور و یاساکان و دووپاتی کردەوە کەپێویستە هەردوولا تەنازولات بکەن بە ئەوەی بەرژەوەندی گشتی ولات بەتە دی.